# وەزیری مافی مرۆڤ

# پێشوازی لە پەرلەمانتارێکی ئەڵمانی کرد٠



لەرۆژی ٢٠٠٧/٥/١٦ د٠شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەنی خۆی چاوی بە ژنە پەرلەمانتاری ئەڵمانی و چالاك لەبواری مافی مرۆڤ (ئیمێك دیتێرد)کەوت٠٠٠

لەم دیدەنەدا باس لەو گۆڕانکارییە سەردەمیانە کرا کە ئەمڕۆ رووبەڕووی رەوشی مافی مرۆڤ دەبێتەوە،بەتایبەت لەو ولآتانەی کەشەڕو ئاژاوەگێڕی تێدایە کە عێراق یەکێکە لەوان و هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەگەمە سیاسیەکان کەسەرەڕای ئەو هێمنی و ئارامیەی لەدەڤەرەکەدا هەیە،بەلآم بەحوکمی لێك نزیکبوونەوە هەندێجار دەستی رەشی تیرۆریشی دەگاتێ و گەورەترین پێشێلکاری دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەکرێ٠٠

خاتوو (ئیمێك دیتێرد) ئاماژەی بەوەدا کە ئەم دەڤەرە جۆرێك لەئارامی بە خۆگرتووە و واشپێدەچێت پێشێلکارییەکانی دەسەلآت کەمتربێ لەهەندێ شوێنی دیکە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەولێك لە ئارایە رۆحیەتی دیمەکراسیەت و مەدەنیەت بپارێزێ کە ئەمەشیان بەشێکە لە پاراستنی مافی مرۆڤ٠

لەبەرامبەردا وێڕای بەخێرهاتنی ئەم خاتوونە پەرلەمانتارە وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی ئەوەی کردەوە کە لەهەموو ولآتێك پێشێلکاری هەیە لە ئەمەریکاو ئەوروپاشدا،بەلآم جۆرێك لە رێژە هەیە و پاراستنەکەی زێتر بەرچاو دەکەوێ،ئێمەش لە کوردستان نکۆڵی لەوەناکەین کە پێشێلکاری نیە،بەلآم ئەو رێژە نیە کە رێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ نەگیرێ،رەوشی ئەمڕۆی سیاسی ئەم ناوچەیەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە و بەمەستی سستی هۆشیار بوونەوەو کۆمەلآنی خەڵك لەم رووەوە،بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی مافی مرۆڤ بەبەردەوامی لەکارکردندایە بۆ بەرزکردنەوەی

ئاستی هۆشیاری تێگەیشتن لە جەوهەری مافەکانی مرۆڤ و سازدانی کۆنفرانس و سیمیناری هەمـەجۆر لەسەر ئەم توندوتیژیەو پاراستنی مـافی ژنـان و منـدالأن و کەسـێتی هاوولأتیـان٠٠٠بەردەوامیشـین کـە وانەی (مافی مرۆڤ) لە قوتابخانەکان بەرێکی بخوێنـدرێ بـۆ ئـەوەی نـەوەی داهـاتوو هـەر لەمندالّیـەوە لەسەر ئەم سیستەمە رابهێنرێ و لە هەقیقەتی ئەم رەوشەو لە هەقیقەتی مافی خۆی و بەرامبەرەکەی بگات٠